کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-12-2006 22:07بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ڕاپۆرتەکەی بێکەر هاملتن تێنەگیشتنە لە بارودۆخی عێراق سمکۆ یەزدان پەنا

ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی باش دەیانزانی ئەگەر بێتو حکومەتی سەدام حسێن لەناو نەبەن ئەوا



عێراق دەبێتە بنکەیەکی سەرەکی بۆ پەروەردەکردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی. پەیوەندییە توندو تۆڵەکانی ساڵانی نەوەدەکان، لە نێوان ڕێکخراوی ئەلقاعیدەو حکومەتی بەعس بە هۆی یەکبوونی هەڵوێستیان لەسەر ئەمریکا و مەیلی عەرەبە سوونیەکانی عێراق بەرەو سەلەفی بوون بە هاندان و پروپاگەندەکردن و هەزینەدانانی لەلایەن سەدام حوسێنەوە نیشانەکان ئەوەیان دەرخستبوو کە لە پاش ئەفغانستان عێراقی سەدام باشترین مەڵبەندە بۆ گروپە تیرۆریستەکانی دژ بە ئەمەریکا، هەر بەو پێوەرەش بوو، کە دەبوایە ڕژێمی سەدام بڕوخێ و دەوڵەتێکی دیکە جێگای بگرێتەوە، ڕەنگە بگوترێ ئێستاکە سەدام حسێن و ڕژێمەکەی نەماون، عێراق بۆتە مەڵبەندی تیرۆریزم، ئەوە لێکدانەوەیەکی دروست نابێت عێراق ئێستا مەڵبەندی پەروەردەکردنی تیرۆریزم نییە، بەڵکو بۆتە مەڵبەندی مەسرەفکردنی تیرۆریزم، ئەمەش یەکێکە لە سیاسەتە بە خەوشەکانی ئەمەریکا. ئێستا بە بوونی ئەمەریکا لە عێراق بەشێکی زۆر لە تیرۆریستە لێهاتووەکانی گروپە تیرۆریستەکان لە عێراق ڕۆژانە لە مەسرەفدان، واتە بەبی ئەوەی زیانێکی زۆری گیانی و مادی لە ئەمەریکا بگەیەنن دەکوژرێن و خۆ دەتەقێننەوە، ئەمەش نەتەنیا لە سەلەفیەکان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە پێکهاتوون، بەڵکو لە شیعە تیرۆریستەکانی پەروەردەی ئێرانیشن کەواتە دەکرێ بڵێن ئەمریکیەکان بەیەك تیر دوو نیشان دەشکێنن، هەم سەلەفیەکان و هەم شیعەی تیرۆریستی ئێرانی لە عێراقدا. ڕۆژانە لەناو دەچن بە شێوەی جۆراو جۆر. ڕوون و ئاشکرایە لەوەتەی سەدام گیراوە ڕژێمەکەی ڕووخاوە، عێراق بۆتە شوێنێکی تایبەت بۆ لە ناوبردنی تیرۆریستەکان، کەسانی وەك زەرقاوی و عەلی وەلی وئەبوو ئەیوبی میسری کە دەیانتوانی خەتەری جیدی بن بۆ ڕۆژئاوا بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی، کەچی زۆر بە بەباشی لە عێراق لەناو دەچن، لەلایەکی ترەوە بە بوونی ئەمریکا لە عێراق و نەمانی حکومەتی بەعس، هەر دوو دوژمنی سەرەکی ئەمریکا و ئیسرائیل واتە سەلەفییە سونییەکان شیعە توووند ڕەوەکان بە شێوازێکی زۆر دڕندانە کەوتوونەتە گیانی یەکتری و ڕۆژانە دەیان کەس لە یەك دەکوژن، ئەمەش شتێکی خراپ نییە بۆ ئەمەریکا، کە لە هەردووك لایان کەمبێتەوە. لە بەشێکی تری ئەم جوگرافیایەدا کە ئێستا بە ڕەسمی هەر لەسەر عێراق حیساب دەبێت واتە باشووری کوردستان، ئەمن و ئاسایشی زەق لە ئارادایە دایە، بۆتە مەڵبەندێکی بازرگانی نێودەوڵەتی گیانی هەموو بازرگانەکان و خاوەن کۆمپانیاو ڕۆژنامەنووس، سیاسەتمەدارە بیانیەکان پارێزراوەو گەشەیەکی هەمە لایەنە ڕووی لە باشووری کوردستان کردووە. ڕاستە کێشەی گرنگ لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی ئێراق لە ئارادایە وەك کێشەی پارەی نەوت و جێبەجی کردنی مادەی 140 ی دەستووری عێراق و پرسی چارەنووسی کەرکوك، ئەمەش بە دڵنیاییەوە ئەگەر بێ‌َتوو دەوڵەتی ترك و ئێران ماوەی ئەوەیان نەمێنێ بۆ دەستێوەردان لە عێراق باش پێشدەچێت و چارەسەر دەکرێ لە لایەکی ترەوە ئەمریکیەکان، سووریەش بە تاوان بار دەزانن لە بارو دۆخی عێراقدا دواتر

22:07 29-12-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەمریکا لە هەفتاکانەوە هەوڵ دەدات بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەوڵەتانەی چەند نەتەوەیان تیدا بەزۆر پیکەوە لیکینراوە واتە دەولە فرەنەتەوەییەکان بۆ نمونە سۆڤیەت و بلۆکی شەرق، راست نییە دوای ئەم هەڵوەشانەوەی لە عێراق روویداوە جارێکی تر بەیەکی بدروێتەوە. بۆیە راپۆرتەکەی بێکەر هاملتن بە هیچ شێوەیەك قبوول ناکرێت لە هەمانکاتدا لە سەدا 80 خەڵکی عێراق دەنگیانداوە بۆ عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتیك، ئەو شەڕو ئاژاوەش کە لەم نێوەندەدا روودەدات مانای ئەوە نییە کە کوردستان دیموکراتیزە نەبووە یان خەڵکی باشووری عێراق فیدرالیان قبوول نییە، عێراقیەکان لە دەستووردا رازی بوون بە مادەی 140 ی دەستووری عێراقی کاتێکی تایبەتیش تەرخان کراوە بۆ ریفراندۆم زۆرینەی خەڵکی عێراق بە کوردو شیعەو هەندێك لە سونیەکان خوازیاری گرتنی بە عسیەکان و سزادانیان بە مەرگ بوون ئەمانەش هەر هەمووی ویستی ئەمریکایە بە هاوپەیمانەکانی بوو، ئەوەش کە هەیە سیاسەتی ئەمریکایەو دەستووری عێراق رێگا نادات بە دەستێوەردانی ترکیاو، ئێران و سووریا ئیتر چۆن دەکرێت وەها راپۆرتێك کە چەندین مانگی خایاندووە لە لایەن 10 کەسی بەناو شارەزا لە ناوچەکە بێتەچێکردن ئایا ئەمە خەرەفاوی ئەو دوو پیرە پیاوە ناگەیەنێ، ئەمە وا ناگەیەنێ کە ئەمانە دەمێکە لە سیاسەتی دەرەوە ئەمریکا بێئاگان، مەگەر ئەمانە بە زەقی پرۆژەی ئەمەریکا بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست نابینن، وێرای ئەمانەش خودی جۆرج بووش راپۆرتەکەی بە باش هەڵنەسەنگاند و لە لایەن وەزیری دەرەوەی ئەمریکاو رامسفیلدیش رەتکرایەوە لە هەمان کاتدا سەرۆکی کوردستانیش نارەزایی خۆی دەربری بەرامبەر بەم راپۆرتە سەرۆکی عێراقیش هەمان هەڵویستی هەبوو، بە دڵنیاییەوە ئەمە هەڵوێستی سەرجەم گەلی کوردستانە، دڵنیام ئیرادەو خواستی خەڵکی باشووری کوردستان رێگا نادەن جارێکی دیکە کوردستان بکەوێتە بەردەستی شۆفینیزمی عەرەب..